# تەرمیناڵ

بە ئەحمەد موختار جاف پێشکەشە
نەورۆزی 2007
هیوا قادر

شەمەندەفەرێک
بەکاتی وشکبوونەوەی جلی تەڕ لەسەر تەناف
ڕێدەکەوێت بۆ شارێک لە کەشکەلانی فەلەک.

شەمەندەفەرێک
بەکاتی زەنگی بەریەککەوتنی دووپیاڵە مەی
بەڕێ دەکەوێت بۆ شاری دڵشکان.
بەکاتی شکانی کوپەی شەرابیش
بە موسافیری سەرخۆشەوە
دێتەوە تەرمیناڵ.

شەمەندەفەرێک
پڕە لە موسافیری دڵ ناسک و قەڵەو
بۆ بەڕێکەوتن بەرەو شاری ختووکە.

شەمەندەفەرێک
پڕە لەو موسافیرانەی کە سەریان وەک پوورەی هەنگ گیزەی دێت،
لەپەنجەرەی واگۆنەکانەوە
سەیری ئەو موسافیرە شل و ملانەدەکەن
کە دەچن بۆ دوورگەی واقواق.

شەمەندەفەرێک
لە مێژە لە چاوەڕوانی سواربوونی موسافیردا دڵی کەوتووەو
لە سوچێکی تەرمیناڵدا شکاوە،
خەو بەوەوە دەبینی ڕۆژێک بێت بە پەڕی گوڵ کاربکات،
تا بتوانێ لە دوورەوە بۆنی بارێک گوڵ بکات
کە باخەوانیکی شەل ناویەتی لە کۆڵی و
کۆڵانەو کۆڵان لەناو قەرەباڵغی شاردا ڕێگای تەرمیناڵ نادۆزێتەوە.

شەمەندەفەریکی ئێکسپرێس
بەچواردەوری گۆی زەویدا دەڕوات و
لە هەموو ئەو شارانەدا لادەدات
کە لەناو کتێبەکاندان.

شەمەندەفەرێک
بەکاتی زەنگی کڵێسا
لە هەموو شارێک موسافیری خاچ لە مل هەڵدەگرێت،
بەکاتی بانگی هەینیش
لە هەموو شارێک موسافیری ڕیشن هەڵدەگرێت،
بۆ مەملەکەتێک لە ئاخیرەت کە بووە بە ژێر دووکەڵی بوغوردەوە.

شەمەندەفەرێک
پڕە لە کچ و کوڕی گەنج
دەچن بۆ خلیسکێنە لە سەر شاخی لەزەت،
بۆ تواندنەوەی بەفر لەسەر بەری دڵ
بۆ وێنەکردنی دڵ و تیرێک لەسەر مانگ.

شەمەندەفەرێک
بەکاتی تەنهایی لە تەرمیناڵ وەستاوەو ناجوڵێت

پڕە لە موسافیری تەنها،
بێ ئەوەی کەس خەمی درەنگ گەیشتنی هەبێت.

شەمەندەفەرێک
تەنها خانمان و پیاوانی خانەنەشین لەگەڵ خۆیدەبات
بۆ دوورگەکانی قوڵپەقوڵپی کانزا
بۆ مەلەکردن وەک منداڵ لە حەوزێکدا
کە پڕە لە شینایی ئاسمان،
بۆ لەزەتبردن لە ڕووناکی خۆری حیکمەتی گەورەیی
بۆ کاتکوشتن لە قاوەخانەی چەنەبازی.

شەمەندەفەرێک
پڕە لە موسافیری خەیاڵیی و جانتای بەتاڵ
بێ ئەوەی کەس سەیری سەعات بکات
دەچن بۆ هەموو شارێک
لەپەنجەرەی واگۆنەکانیشەوە
هەموو ئەو شوێنانە دەبینن کەخۆیان نەبێت کەسی تر نایبینێت.

واگۆنی شەمەندەفەرێکی پیر
لە مۆزەخانەی تەرمیناڵەوە
بەفیزی باپیرەیەکەوە لەودیوو جامخانەیەکی گەورەوە
سەیری شەمەندەفەرەکانی تر دەکات و
دەڵێ، ژیان جگە لەسەفەرێکی بەردەوام شتێکی تر نییە.

شەمەندەفەرێک بەکاتی خەندەی لێو
خۆی پڕ ئەکات لە موسافیری چاوبگێر
وەک بەسەر پەیژەدا سەرکەوێت
خۆی دەگەیەنێتە سەربانی زەوی،

دەڵێت موسافیرانی خۆشەویست
پلەی سەرما، خێرایی با، کاتژمێر بەکاتی ئێرە
جێگیرنییە،
وەک ناجێگیری سەرسامی
وەک جێژی جوانی لای ئێوە.

عاشقێکی دڵشکاو
لە سوچێکی تەرمیناڵدا مۆسیقا لێدەدا
بۆ ئەوەی شەمەندەفەری پۆست
لەرەی هەناسەی بەرێت
بۆ ناشوێن.

شەمەندەفەرێک بەکاتی ووتنی گۆرانی
دەچێت بۆ کۆڵانی لێو
بۆ گوزەری قورِگ
بۆ سەر چۆمی چاو
بەلای شاری پر لە بوومەلەرزەی دڵدا تێدەپەڕێت،
دوودڵ لەلادان ناوەستێ
تا مەملەکەتی شیعر.

شەمەندەفەرێکی تازە گەیشتوو
پڕییەتی لە ڕۆژ
پڕییەتی لە شەو
لەبەیانی و نیوەڕۆو ئێوارە.
موسافیری سپی، ڕەش، سوور دادەبەزن و
جانتاکانیان پڕە لە دیاری شوێن،
لە خەیاڵی ژیان.

شەمەندەفەرێک بەکاتی کۆن دەفیشکێنێت
بەسەردەمی کۆن دووکەڵ دەکات
بە کەیفی خێرایی یەکەمجار ڕۆیشتن دەڕوات،
لە هەموو شوێنێک پێشوازیکەران ڕایدەگرن
کەچی فریاش دەکەوێت بگاتە هەموو جێییەک،
بێ ئەوەی سادەیی ژیان بشێوێت.

شەمەندەفەرێک دەگاتە شاخی هەورامان
پڕە لە شاعیری فەقیانە سپی
کە لە واگۆنەکانەوە دەستیان دەرهێناوە
بۆ گرتنەوەی گوێز
بۆ سڵاوکردن لە سیا چەمانە.

بەر شۆستەی شەمەندەفەرەکان پڕن لە دەغدەغەی سەفەر،
شەمەندەفەرەکان
لەگەڵ خۆیان دەمبەن بێ ئەوەی سواربم
پڕم دەکەن لە خەیاڵی سەفەر بێ ئەوەی بچم.
من گولێکی سوورم بەدەستەوەیەو چاوەڕێم،
شەمەندەفەرەکان
پێمدەڵێن ئینسان جانتایەکە پڕ لە کرم
ژیان لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ سەفەر
بێ ئەوەی بیکاتەوە تا نەمرێ.

شەمەندەفەرێک
وەک مارێکی ترساو خێرا دەکشێ
بەڵام بە لووشە لووش دەشتێک خەبەردەکاتەوە،
بەژێر تاوە بارانەکاندا دەڕوات.
خەیاڵی موسافیرێکی وەک من تەڕدەکاتەوە

که له دووری دووری دوورەوە،
منداڵێک دەبینم گوێ به دڵی زەوییەوە دەنێت
دڵخۆشدەبێت بەوەی ئەم شەمەندەفەرە دەچێت بۆ دێکەیان
بێ ئەوەی ڕێگای ئاسنی هەبێت.

شەمەندەفەرەکان
دێن و دەڕۆن
من هەر وەستاوم و چاوەڕێم
کات شەمەندەفەرەکان دێنی و دەبا
منیش پیردەبم، بەڵام خەیاڵم منداڵ.
من هەر چاوەڕێم
تا ئەو شەمەندەفەرەی دێت و بۆ دواجار
لەگەڵ خۆی دەمبات،
دواتر له نیوەی ڕێگا بیرم دەکەوێتەوە،
جانتایەکەم له تەرمیناڵ به جێهێشتووە
پڕە له شیعر.